# چیرۆکێکی چیخۆف لە ژێر سێ ناودا

یاسین بانیخێلانی



هەڵەی نووسین ئەوەندە زۆر بووە، ئەگەر هەموو کاتەکانی خۆشمان بۆ ڕاستکردنەوەیان تەرخان بکەین هێشتا هەر پێ ڕاناگەین، با لەوە بگەڕێین، هەرکە دوو جار هەڵەت بۆ دووکەس ڕاستکردەوە ئیتر ئەوەندە ناشرین و ناحەز دەبیت لایان، خۆتت لە بەرچاو دەخەن. لێرەدا نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ سەر ئەو هەموو بابەتە پڕ لە هەڵە، دزین و شێواوانەی ڕۆژانە بە بێ سانسۆرو فلتەری خوێندنەوە لە سایتەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە ئیتر با لە بێ ئاگایی هەندێک نووسەر بوەستین، کە بە ڕێکەوت ڕێگایان کەوتۆتە سەر نووسین و پێیان وایە نووسین بریتییە لە لاپەڕە ڕەشکردنەوەو قسەی ڕۆژانەی میدیاکان. نووسین پێش هەموو شتێک بەرپرسیارەتییە، مەرج نییە تەنها بۆ ئەوەی پێت بڵێن نووسەر ڕۆژانە بنووسیت، جۆزێ ساراماگۆ یەکەم ڕۆمانی بە ناوی خاکی گوناه (Land der Sünde) لە ساڵی 1947 نووسی و بیست ساڵ دوای ئەوە دیوانە شیعرێکی بڵاوکردەوە، ئەڵبەتە نمونە زۆرن لەو نووسەرە گەورانەی جیهان، کە زۆرکەم نووسیویانە، بەڵام کاتێکیش نووسیویانە داهێنانی گەورەیان کردووە، بۆیە بە ڕای من نووسین پێویستی بە گەنجینەیەکی زۆری ڕۆشنبیری هەیە، یا بە واتایەکی تر ( بۆ ئەوەی درەختێک بنووسیتەوە پێویستە دارستانێک بخوێنیتەوە)، بەڵام ئایا بەناو نووسەرەکانی ئێمە هێندەی ئەوەی دەنووسن دەخوێننەوە؟. ئایا ئەو بابەتانەی ڕۆژانە بڵاو دەکرێنەوە خوێنەر هەست بە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی لە پشتیانەوە دەکات؟.

لەڕاستیدا کاتێک زۆرێک لە بابەتەکانی سەر سایتە کوردییەکان دەخوێنمەوە دڵم لە خۆم دادەمێنێت لەبەرامبەر ئاستی ڕۆشنبیریی هەندێ بەناو نووسەردا، لە بێ ئاگایی هەندێک بەناو نووسەردا، بەلای منەوە هیچ ئەوەندی ئەوە ترسناک نییە گەلێک نووسەری گێلی هەبێت، لەبەر ئەوە نووسەری گێل خوێنەری گێل دەئافرێنێت، ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگا هەر بە گێلی بە ڕەوتی ژیاندا بڕوات. ئەگەر چی خۆشبەختانە هەندێک جار و لە هەندێ شوێندا خوێنەری وا دەبینین زۆر لە نووسەرەکانمان خوێنەرترو شارەزاترن، بە ڕاستی چاوم بە هەندێک خوێنەر کەوتووە ئاستی ڕۆشنبیریی زۆر لە ئاستی ڕۆشنبیریی زۆرێک لە نووسەرەکانمان زیاتربووە، بۆیە مەرج نییە هەر کەسێک دەستی دایە نووسین و وتار بڵاوکردنەوە لەسایتە بێ سانسۆرو بێ فلتەرەکاندا ئێمە پێی بڵێین نووسەر، هەر وەک و چۆن هەرکەسێک گۆرانی گوت و کلیپی کرد نابێتە هونەرمەند.

با لە کرۆکی ناونیشانەکە زیاتر دوورنەکەومەوەو بگەڕێمەوە بۆ سەر مەبەستی ئەم نووسینە، کە دوای خوێندنەوەی 4 نووسین بڕیارمدا بێ دەنگ نەبم، لەبەر ئەوەی مەسەلەیەک هەیە دەڵێت: (بێ دەنگی بەڵگەی ڕازیبوونە)، نووسینی یەکەم؛ "دایەن لە نێوان کازیوە ساڵح و ئەورەحمانی حاجی مارفدا"، سەلام حەمەڕەش، کوردستانپۆست 15.11.2005. نووسینی دووەم، "بەسەلامی حەمە ڕەش بوو گوناهی من نییە ئینگلیزی نازانێت تۆمەت بۆ کەس هەڵمەبەستە" کازیوە ساڵح، کوردستانپۆست 17.11.2005. نووسینی سێهەم، " زەنگی بێدارکردنەوە، لە پەراوێزی بێ ئاگایی کازیوە ساڵحدا" عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)،

دەنگەکان 19.11.2005. نووسینی چوارەم، دایەن دزراوە، سەلام حەمە ڕەش، کوردستانپۆست 19.11.2005.

کاک سەلام لە نووسینەکەیدا ویستوویەتی ئەوە بە خوێنەر بڵێت، کە ئەو چیرۆکەی چیخۆف پێشتر ئەورەحمانی حاجی مارف لە ڕوسیەوە وەریگێڕاوەو کازیوەخانیش بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو وەرگێڕانەدا جارێکی تر لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە یا بە کوردییەکی دزیویەتی، ئەگەر چی کاک عەبدوڵاش هەمانکاری کردووەو لە سایتی دەنگەکان و کلاورۆژنە بلاویکردۆتەوە، بەلام ئەوە سەیرە کازیوەخان خۆی تورە کردووەو دەڵێت: "بەداخەوە من ئەورەحمانی حاجی مارف وەکو بەرهەمە ئەدەبی زمانەوانییەکانی ناناسم" هەروەها دەڵێت: داوا لە خوێنەری بەرێز و نووسەرانیش دەکەم ئەگەر هەر یەک لە چیرۆکەکانی چیخۆف کراوە بە کوردی و ئەوان ئاگایان لێیە ئاگادارم بکەنەوە" بەراستی ئەمە کارەساتە کەسێک خۆی بە نووسەر بزانێت و لە بواری ئەدەبدا کار بکات ئاگای لە ئەدەب و کتێبخانەکەی خۆی نەبێت، لە کاتێکدا کۆی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەی هێندەی کتێبی سەررەفەی کتێبخانەیەکی جیهانییە، چی لەوە کارەساتترە نووسەر داوا لە خوێنەر بکات زانیاری بۆ رەوانە بکەن!، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت نووسەری کورد چەنێک خاوەنی پاشخانی رۆشنبیرییە و چەنێک ئاگای لە چواردەوری خۆیەتی، کەچی لەوە سەمەرەتر ئەوەیە خۆی وا دەردەخات ئاگای لە ئەدەبی هەموو جیهانە و شاکارە مەزنەکان بۆ سەرزمانی کوردی وەردەگێڕێت، بۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش لە بەهرەی ئەو ئەدیبانە بێ بەش نەبن!.

سەیر نییە نووسەرێک ئاگای لەو بابەتە ئەدەبییانە نەبێت، خۆی گوتەنی جێگای سەرنجێتی و دەیەوێت کاریان تێدا بکات، بەلام زۆر سەیرە تەنها چیرۆکی نووسەرێک سێ جارو لە ژێر سێ ناوی جیاوازدا وەرگێڕدرابێت ئەو ئاگای لە یەکێکیان نەبێت، ئایا بۆ خوێنەر جێگای گومان و پرسیار نییە نووسەرێک چیرۆکێک سێ جار وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی کوردی نەیدیبێت و نەیخوێندبێتەوە، بەلام بەزمانێکی تر سەرنجی راکێشا بێت!. باشە وا دابنێین ئێمە دەستمان بە بلاوکراوەکانی کوردستان را ناگات، بەلام خۆ دەبێت ئاگامان لەو بابەتانە بێت لەسەر ئینتەرنێت بلاو دەکرێنەوە، ئەی ئەوە نییە کاک عەبدووڵا ئەو چیرۆکەی لەسەر دوو سایتی جیاواز لە ژێر ناوێکی تردا بلاوکردۆتەوە، ئەگەرچی دەبوایەت پێش رەخنە لە کازیوەخان رەخنە لە کاک عەبدووڵا بگیرایەت، چونکە وەک کاک سەلام دەڵێت: ئەو چیرۆکە ئەرەحمانی حاجی مارف لە زمانی روسییەوە واتە زمانی یەکەم وەریگێڕاوە، ئیتر چ پێویست دەکات جارێکی تر و لە زمانێکی ترەوە وەربگێڕدرێت، جگە لەوەی من ئەو چیرۆکەم لە هەشتاکاندا خوێندۆتەوە، کە کاک عەلی مەحمود جوکل لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوەو لە "ئەدەبی بێگانان" بەشی دووەم ساڵی 1982 بەسەرپەرشتی مامۆستا عەزیز گەردی لە ژێر ناوی (توکنەرمی) بلاوکراوەتەوەو خۆشبەختانە ئەو کتێبەم لەبەردەستدایە.

بۆیە پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئایا ئەوە بێ ئاگایی نییە یەک چیرۆک چوارجار وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی لە ژێر سێ ناوی جیاوازدا یان مەسەلەکە دزییە، دەبێت خوێنەر ببورێت وشەی دزی بەکار دەهێنم، چونکە ئەگەر دزی نییە بۆ ئەم دوو بەرێزە لەو هەموو چیرۆکە بەرز و جوانەی کەڵە ئەدیبانی جیهان بە تایبەتیش چیخۆف پێچاونەتە ئەو چیرۆکە، وەک ئەوەی مێشیان لەداردا دۆزیبێتەوە، ئایا چیخۆف تەنها ئەو چیرۆکەی هەیە؟، ئایا ئەو چیرۆکە بەرزترین و جوانترین چیرۆکی چیخۆفە؟ یان مەسەلەکە تەنها دروستکردنی گونکە لە هەویری حازر.

پەراویز

*1- سەرچاوەی وەرگێڕانەکەی عەلی مەحمود جوکل ئەمەیە. (Chekhov, Softy, Sputnik, No, 9, 1977. p.p 135-136 )